

دواسەرنج

# داتایەکی ترسناك

ئارام گەردی

بەپێی دوا ئاماری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ساڵی پار تەنیا لە دادگای باری کەسیی هەولێر بەرانبەر (٨٤٤٥) گرێبەستی هاوسەرگیریی، (٢٨٠٤) تەڵاق هەبووە. واتە بۆ هەر چوار زەواجێك تەڵاقێك هەبووە.

ئەگەر بە وردی لەو ژمارەیە بڕوانین، کارەساتێکمان بۆ روون دەبێتەوە، کە زەحمەتە بتوانی هۆکارەکەی دەستنیشان بکەی، لێ بە رای من هۆکاری سەرەکیی ئەو رێژە زۆرەیەی تەڵاق گوناهەکەی لە ئەستۆی حوکومەتدایە، دەنا کەی لە هەولێر، تەڵاق وا بێشوومار بووە؟! ساڵانی پێشوو، تەڵاقێك لە هەموو شاری هەولێر دەنگی دەدایەوە و بۆ چەند هەفتەیەك دەبووە وێردی سەر زوبانی خەڵك.

بێننە بەرچاوی خۆتان، لە ساڵێکدا ماڵی (٥٦٠٨) وێران بێت بە ژن و پیاوەوە، ئەوەیان مەرگەساتێکی حەقیقییە، لەماوەی زیاتر لە چوار ساڵی شەڕی براکوژی، بڕێك لەو ژمارەیە زیاتر، لانەی خەڵکی کوردستان وێران بوو.

نازانم، دەبێت حوکومەتی کوردستان، ئاگایان لەو ژمارە خوێناوییە هەبێت؟ تۆ بڵێی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ئەو داتایەی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیاندبێت؟

بۆ دەبێت، تەڵاق ئەوەندە زۆر بووبێت، لەوانەیە هێندێك بڵێن کردنەوەی بنکەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کە ساڵی پار کرایەوە، یەکێك بێت لەو هۆکارانە، بەڵام دڵنیام ئەوەیان هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی پێوە نییە.

عەجایەب، ئەی گوایە خەتای کێیە؟!

حوکومەتی کوردستان کە بە هەزاران دۆلار لە کۆنگرەی بێسوود و فیستڤاڵی بێمانا و وۆرکشۆپ خەرج دەکات، لەدوای ئاشکرا بوونی ئەو داتایە، گەلۆ بیر لەوە دەکاتەوە، دەستنیشانی هۆکارەکانی زیادبوونی تەڵاق بکات، لەرێی مونتەدایەکی بەرفراوان، بۆ پسپۆڕانی ئەو بوارە؟

باسی قەزای (سێمێڵ) یشتان هەر بۆ ناکەم، کە لە هەمان ئەو ئامارەدا، دەردەکەوێت، کە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ هەر زەواجێك، دوو تەڵاق هەبووە.دەترسم ئافرەتەکانی ئەو ناوچەیە، بەهۆی ناشیرینی سمێڵی پیاوەکانەوە، داوای جیابوونەوەیان کردبێت؟

تێپەڕبوونی ئەو داتایانە، بەوپەڕی بێئاگایی حوکومەت و بەدوانەچوونی،حوکومەتی هەرێم دەخاتە بەردەم بەرپرسیارییەتییەکی ئەخلاقی، کە بیرنەکردنەوەیە لە مافی مرۆڤ و بەتایبەتی ئافرەتە تەڵاقدراوەکانی، کە چارەنووسیان دوای جیابوونەوەکە بەچەشنێك لێڵ دەبێت، تەنانەت ئەندامانی خێزانەکانی خۆشیان، گومان دەخەنە سەریان.

خۆزگە حوکومەتی هەرێم بۆ ئەو مەسەلەیە و داتا ترسناکەکانی بواری هاتوچۆ ( کە لە ساڵێکدا هەزاران رۆح بوونەتە قوربانی رووداوەکانی هاتوچۆ ) گردبوونەوەیەکی بەرفراوانی ساز دەدا و پەنجەی لەسەر هۆکارەکان دادەنا و بەهۆیەوە، هیچ نەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو، ژمارەی قوربانییەکانی تەڵاق و رووداوەکانی هاتوچۆ کەم دەبوونەوە.